# کێشەکانی کوردستان جافەری یا مالیکی نین

شاخەوان شۆڕش

دوای زیاتر لە چوار مانگ لە هەڵبژاردنی پەرلەمان لە ئێراقدا، دوای کێشەو مشتومڕێکی زۆر ئەوجا گروپە ناسیونال و ئەتنیەکانی ناو ئێراق توانیان هەنگاوی یەکەم بۆ پێکهێنانی حکومەت بهاوێن. لەگەڵ ئەوەی گوشاری ئەمەریکاش بەبەردەوامی هەبوو. جافەری پالێوراوی شیعە لە ماوەی فەرمانڕەوایی 9 مانگی ڕابردووی خۆیدا سەرکەوتوو نەبوو. لەبەر گەلێ هۆ نێوانی ئەو لەگەڵ سەرانی کورد و سونە باش نەبوو، بۆیە ڕەتکرایەوە. دوای چوار مانگ ئەو کێشەیە بە دانانی جەواد مالیکی لە شوێنی جافەری کۆتایی هات. مالیکی برادەری نزیک و ڕاوێژکاری جافەری و سەر بەهەمان ڕەوتی ڕامیاری شوێنی ئەوی گرتەوە! ئەو هەنگاوەی شیعەکان وەرامێک بوو بۆ ئەو گوشارەی لەسەریان بوو، هەروەها بە شێوەیێ پەسندکردنی داوای نوێنەرانی کورد و سونە بوو. بۆ شیعە شتێکی ئەتۆ نەگۆڕاوە، ئەوان جافەریان لادا، بەڵام ڕاوێژکاری ئەویان لە شوێنی ئەو دانا. شیعە بەمشێوەیە سەگی ڕەشیان لادا، سەگی بۆریان لە شوین دانا. سەرکردەکانی کورد دڵیان خۆشە و ئەوە بەچارەسەر دەزانن. لەگەڵ ئەوەی هیچ دیار نییە مالیکی لە جافەری باشتر یا خراپتر دەبێت. شایانی گوتنە کورد تەنها نەبوو لە ڕەتکردنەوەی جافەری، سونە پێشی کورد دژی وەستان، بۆیە ئەوە هێندە پەیوەندی بە بەرژەوەندیەکانی گەلی کوردستانەوە نییە، ئەوەندەی پەیوەندی بە ناتەبایی نێوان کەسەکان و بەرێوەبردنەوە هەیە.

بەر لەهەر شتێک ئەوەی بۆ سەرانی یەکێتی و پارتی گرنگ بوو، پەسندکردنەوەی تالەبانی بە سەرۆکی کۆمار بوو، چونکە ڕێکەوتنەکەی یەکێتی و پارتی سەبارەت بە یەکخستنەوەی دوو بەرێوەبەرایەتیەکە بەتایبەتی لەسەر ئەوە وەستابوو، ئێستا بارزانی و تاڵەبانی هەردووکیان سەرۆکن. ئێستا ئەوان بەپێی ڕێکەوتنەکەی نێوانیان، بەگوێرەی بەرژەوەندیەکانیان باشوری کوردستان کەنترۆڵ دەکەن و بەڕێوەدەبەن.

بەڵام ئایا کێشەی گەلی کوردستان لادانی جافەرییە و دانانی مالیکیە لە شوێنی؟ بوونی جافەری یا مالیکی یا عارەبێکی دیکە گەرەنتی چارەسەری کێشە سەرەکیەکانی نێوان عارەب و کوردان دەتوانێ بکات؟ ئەو کێشە ئاڵۆزانەی چارەسەر نەکراون یا چارەی ناتەواویان لە بنچینەیاسادا بۆ داندراوە بە بوونی مالیکی چارەسەر دەبن؟

کێشە سەرەکیەکانی نێوان کورد و عارەب زۆرن، گرنگەکانیان بریتین لە: یەکەم: سنوری کوردستان، کە بڕیاری 58 ناتەواوە لە ئاستیدا و گومان لەوەدا هەیە بتوانێ چارەیەکی وا بکات بەدڵی کوردان بێت. دیارە کێشەی سنور تەنها ناوچەی کەرکوک ناگرێتەوە. دووەم: سەرچاوەی سروشتی، بنچینەیاسا گوزارشتی ڕوون سەبارەت بە ماف و ئەرکی نێوان ناوەند و کوردستان ناداتە دەست. سێیەم: سیستەمی فیدرالی، دەسەڵاتی پەرلەمانی ناوچەکان ڕوون نییە، گەلێ پەیوەندی لە نێوان ناوەند و کەناردا ڕوون نییە. کەموکوڕی لە سیستەمەکەدا هەیە. جودایی بنچیەیاسای کوردستان سەبارەت بە هەندێ خاڵی گرنگ، دیار نییە چۆن دەبێت هتد. چوارەم: ئاوێتەکردنی هێزی سەربازی یەکێتی و پارتی لە سوپای ئێراقیدا. پێنجەم: ئەگەری پەراوێز بوونی کورد لە پەرلەمانی فیدرال سەبارەت بە بڕیار و یاسا دەرکردن. شەشەم: ئەگەری مافی چارەنوس، ڕاستە سەرانی کورد بڕوایان بە جیابوونەوە نییە، بەڵام ئەگەر ڕۆژگار واسوڕا و وایکرد خوانەخواستە سەرانی کورد بوێرن ناوی بێنن و پێی لەسەر داگرن.

یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانە لەدەستی سەرۆکی وەزیران نییە، ئەگەر ئەو سەرۆکە دۆستی کوردیش بێت. سەرۆک ناتوانێت عارەبەکان والێبکات دەنگ بۆ کوردستانی بوونی کەرکوک بدەن، سەرۆک ناتوانێت عارەبەکان والێبکات لە داهاتی سەرچاوەی سروشتیەکانی کوردستان خۆش بن، ئیتر هەروەها.

عارەبە شیعەکان کە لەلایەن سەرانی یەکێتی و پارتی دۆستی کوردان بوون، لەگەڵ ئەوەی سونەش دژیانن و لێیان دەکوژن، لەگەڵ ئەوەی سنوریان لەگەڵ کوردستان نییە، کەچی سەبارەت بە سنوری کوردستان، کێشەی کەرکوک و زۆر خاڵی دیکەی گرنگ، هەڵوێستی خراپیان بەرامبەر بە داواکاریەکانی کورد پیشان دا و لەگەڵ سونەکان پێیان لەسەر بەرژەوەندی ناسیونالیستانەی عارەبی خۆیان داگرت. ئەوەی شیعەکان ئێستا بە کوردی پیشان دەدەن، هیچی نوێ نییە، ئەوان هەمیشە هەڵوێستیان وابووە، سەرانی کورد خۆیان نەیانویستووە ببینن و هەڵوێستی لێوەرگرن یا لێکدانەوەی چەوتیان هەبووە و خۆیان خۆیان هەڵخەلەتاندووە.

شاراوه نییه کەوا دەسەڵاتی بەغدا لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا سەبارەت بە جێبەجێکردنی ڕێکەوتن و بڕیارەکان هەنگاوی پۆزەتیڤیان نەبووە، کۆسپ دروستکراوە و نوێنەرانی کورد لە بەغدا بە هەند هەڵنەگیراون یا بێ ئەوان بڕیار دەرکراوە و هەنگاو نراوە. بە پێچەوانەی سڕینەوەی شوینەواری بەعارەبکردن، عارەب لە بەعارەبکردنی کەرکوک و ناوچە سنوریەکانی دیکە وازیان نەهێناوە. نمونە سەبارەت بەوانە لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا زۆرن. ئەوە تەنها لەبەر بوونی جافەری یا مالیکی نەبووە، ئەوە ڕەنگدانەوەی هەڵوێستی شۆڤینیانەی بەگشتی عارەبانە سەبارەت بە کێشەی کورد.

دیارە لەسایەی پۆلیتیکی کورتبینانە و پارتپەرستانەی هەردوو زلپارت، گەلی کوردستان نەتەوەیەکی نایەگرتوو و شەپڕێوە، هەنگاوەکانی یەکێتی و پارتی پڕیەتی لە کۆبوونەوەی بێسوودی تەسکبینانەی پارتایەتی، ستایش و خۆهەڵدان، خۆهەڵخەڵەتاندن و گفتی بۆش. تا ئێستا بۆنمونە سەبارەت بە دۆزی کەرکوک (کە ناوکی کێشەی نێوان کورد و عارەبە) لە کەرکوکدا یەکگرتوو نین، یەک کیسە نین، خاوەنی پرۆگرامی ورد و کوردستانیانە نین و زۆربەی کارمەندانیان گەندەڵن و لە ئاستیدا کەمتەرخەمن. ئەوە جگەلەوەی چونکە خۆیان گەندەڵن، چونکە کەرکوک وەکو کێشەی سەرۆکبوونی بارزانی و تاڵەبانی گرنگ نییە.

بەکورتی کێشە سەرەکی و بنەڕەتیەکانی کوردستان بە گۆڕینی جافەری پێناچێ گۆڕانی بەسەردا هاتبێت، ئەوە ئەگەر لەڕوانگەی کێشە سەرەکیەکانی نێوان کورد و عارەب سەیری بکەین. ئەگەریش کێشە کێشەی نێوان کەسەکان و بەرژەوەندیە تایبەتیە کەسیەکان بێت، کە زیاتر ڕێی دەچێتێ وابێت، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە سەرکردە دەسەڵاتدارەکانی ئێراق بە کورد و عارەبەوە، کێشەیەکی کاتیان چارەکردبێت و بەمجۆرە مسۆگەری فەرمانڕەوایی ڕەنگە چوار ساڵی داهاتووی خۆیان بە داهاتێکی دارایی زۆرەوە بۆ خۆیان کردبێت.

24.4.2006